گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


# بەرپرسیارێتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستاندا


**د. رضوان شریف صالح**

بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

rdhwan.salih@soran.edu.iq

**توران کریم رسول**

دەرچووی بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

turan.rasul@gmail.com



## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢١/٦/٢٠

پەسەندکردن:٢٠٢١/٨/٩

بڵاو کردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

*Civil Responsibility, Compensation, The Arrestee, The Convict, Compensation Lawsuit*

Doi: 10.25212/lfu.qzj.6.4.04


## پوختە


مرۆڤەکان بەرپرسیارن لە کار و بریارەکانیان و هەلسوکەوت کردنیان لەگەل کاڵا و کەسانی ژێر چاودێری خۆیان. بۆیە هەر کاتێک کارێکی رێگەپێنەدراو ئەنجام بدرێت و ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسێکی تر، بەرپرسیارێتی دروست دەبێت لەو زیانە و لە ئەنجامدا پێویستە زیان پێکەوتوو قەرەبوو بکرێتەوە. بەرپرسیارێتیش جۆراوجۆرە و لە چەندین یاسای جیاوازدا رێکخستنی بۆ کراوە. یەکێک لەو یاسایانەی کە جۆرە بەرپرسیارێتییەکی شارستانیی رێکخستووە، یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٠ە. ئەم یاسایە دەرچووێنرا لە پێناو قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە راگیراو یان حوکمدراوانی زەرەرمەند گەیشتووە لە ئەنجامی دەرچوونی بریارێک بەنارەوا یان بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن دادوەرانەوە. بەڵام تا ئێستا یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان وەک پێویست

کارا نیە و هاولاتیانیش زانیاری پێویستیان لەسەر ناوەرۆکی یاساکە نییە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەلدەستێت بە لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە. مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش وەڵامدانەوەی چەند پرسیاریکە لە گرنگترینیان: ئایا بە پێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکم دراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان کێ مافی داواکردنی قەرەبووی هەیە و قەرەبووکردنەوەکە چی لە خۆ دەگرێت؟ کامە لایەن تایبەتمەندە بە سەیرکردنی داوای قەرەبووکردنەوە؟ و رێکارەکانی بەرزکردنەوەی ئەم داوایە و تانەدان لە بریارەکان چین؟ ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکاری گەیشتووتە ئەو ئەنجامەی کە هەر راگیراو یان حوکمدراوێکی زەرەر پێگەیشتوو لە لایەن لایەنە دادوەریە تایبەتیەکانەوە، مافی بەرزکردنەوەی داوای قەرەبووکردنەوە هەیە لە بەردەم  لیژنەی تایبەتمەند لە دادگای تێهەلچوونەوە و پێویستە حکومەت قەرەبووی ئەو زیانە ماددی و ئەدەبیانەی بکاتەوە کە بریاری لەسەردەردەچێت.

## ١. پێشەکی

لەژیانی رۆژانەدا لەوانەیە مرۆڤ ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسانی تر جا چ بە ئەنجامدانی کاری راستەوخۆی خۆی بێت یان کاری ئەو کەس و شتانەی کە لە ژێر چاودێری ئەودان، هەروەها دەکرێت زیان دروست ببێت لە ئەنجام نەدانی کارێک کە یاسا واجبی کردووە. هەندێک جار روودەدات کە دادوەری تایبەتمەند بریار دەدات بە گرتن یان گلدانەوەی کەسێك یان حوکم دانی بە لێسەندنەوەی ئازادی، بەبێ بوونی بەلگەی یاسایی یان بەنارەوا، لە ئەنجامدا کەسەکە زیانی ماددی و ئەدەبیی پێ دەکەوێت. بۆیە دەبێ ئەم کەسە مافی داواکردنی قەرەبووی بۆ دابین بکرێت. جا لە پێناو سەروەری یاسا و پاراستنی مافی هاولاتیان و ئازادی کەسایەتی مرۆڤی بێتاوان و گەرەنتی کردنی مافەکانیان، هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ یاسایەکی دەرکرد بەناوی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٠. ئەم یاسایە دەرچووێنرا لە پێناو قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ماددی و ئەدەبیانەی کە بە گلدراو، گیراو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وحوکمدراوانی زەرەرمەند گەیشتووە و هەروەها بۆ لادانی هەموو زێدەڕۆییەک بۆ سەر ئازادی و بەردەوام بوونی ژیانی بەکەرامەت و بۆ لابردنی غەدر لە زیان لێکەوتوان. هەروەک چۆن لە برگەی یەکەمی ماددە ١ی دا هاتووە نابێت هیچ کەسێک گلبدرێتەوە یان بگیرێت بەپێی یاسا نەبێ و لەسەر بریارێک نەبێت کە لایەنێکی دادوەری تایبەت دەری چواندبێت.

## ١.١ گرنگی توێژینەوە

تا ئێستا وەک پێویست کار بە یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان نەکراوە و هاولاتیانیش زانیاری پێویستیان لەسەر ناوەرۆکی یاساکە نییە. ئەم توێژینەوەیە هەلدەستێت بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و زانیاری پێویست دەخاتە بەردەم کەسانی یاسایی و هاولاتیان. هەروەها رێکارە یاساییەکان بۆ داواکردنی ئەم جۆرە قەرەبووەکردنەوەیە و تانەدان لە بریارە پەیوەندیدارەکان دەخاتەروو. ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ گەیشتنی هاووڵاتیانە بە مافەکانیان وهاتنەدی دادپەروەریە لە کۆمەلگەدا، هەروەها گرنگی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بەشێوەیەکی کاراتر جێبەجێ بکرێت و کاری پێ بکرێت و کەسە بێتاوانەکان کە بەنارەوا و بە نایاسایی حوکم دەدرێن بگەنە مافەکانیان و قەرەبووبکرێنەوە.

## ٢.١ ئامانجەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە بۆ هێنانەدی کۆمەلێک ئامانجی سەرەکی، لەوانەش خستنەروو و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە کاتێک کەسێک بەبێ بەلگەی یاسایی یاخود بە شێوەیەکی نارەوا دەگیرێت یاخود گلدەدرێتەوە، بە چ رێکارێک و لە چ شوێنێک بتوانێت داوای قەرەبووکردنەوە بکات. هەروەها دەستنیشان کردنی ئەوەی کە چ جۆرە قەرەبووکردنەوەیەک شیاوە بۆ کەسی زەرەرمەند و چۆن دەخەملێندرێت. ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی حوکمەکانی تری یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکم دراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیانە لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەبێ تاوان حوکم دەدرێن یان گلدەدرێنەوە، بەهۆی ناشارەزاییان لە یاسایەکە مافیان دەفەوتێ و داوای ناکەن. بۆیە ئامانج لەو توێژینەوەیە ئاگادار کردنەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاووڵاتیانە بە بوونی ئەم یاسایە، پێدانی ووشیاری یاساییە بۆ ئەوەی داوای مافی خۆان بکەن و ئەمەش ببێتە پالەپەستۆ دروستکردن لەسەر لایەنە تایبەتمەندەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

### ٣.١ کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوە

لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠١٠ یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکم دراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستانی-عێراق دەرچووە، بەلام تا ئێستاش هاووڵاتیان زانیاری پێویستیان لەسەر یاساکە و رێکارەکانی بەرزکردنەوەی داوا و قەرەبووکردنەوەی کەسی گیراو و حوکم درای زەرەرمەند نیە و یاساکەش وەک پێویست جێبەجێ ناکرێت. لە رێگەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەیەوە هەولدراوە وەلامی پرسیارەکانی خوارەوە بدرێتەوە:

١- ئایا بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەرەبووکردنەوەی حوکم دراو یان راگیراوی زەرەرمەند چ جۆرە بەرپرسیاریەتیەکە؟
٢- ئایا بە پێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکم دراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان کێ مافی داواکردنی قەرەبووی هەیە؟ و قەرەبووکردنەوەکە چی لە خۆ دەگرێت؟
٣- کامە لایەن تایبەتمەندە بە سەیرکردنی داوای قەرەبووکردنەوە و خەمڵاندنی بڕی قەرەبووەکە؟ و رێکارەکانی بەرزکردنەوەی ئەم داوایە و تانەدان لە بڕیاەکان چین؟

### ٤.١ میتۆدی توێژینەوە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە میتۆدی شیکاری بەستراوە، کە هەلسەنگاندن و شیکردنەوەی پێویست بۆ حوکمەکانی یاسای ئاماژە پێکراو و رێنمایی پەیوەندیدار کراوە بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتی بەرزکردنەوەی داوای قەرەبوو و خەمڵاندنی  بڕی قەرەبوو و بریاردان لەو داوایە و چۆنیەتی تانەگرتن لێیان.

### ٥.١ پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا پێشەکیەکی پێویست سەبارەت بە بابەتەکە خراوەتەروو. لە بەشی دووەمدا سروشت و تەکیفی یاسایی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە

قەرەبووکردنەوەی حوکم دراو یان راگیراوی زەرەرمەند روون کرایتەوە. بەشی سێیەم بە ناونیشانی ( دروست بوون و بنچینەی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان) لە چەند باسێک پێکدێت. لە باسی یەکەمدا باسی کەسی بەرپرس لە قەربووکردنەوە و کەسی زەرەرمەند کراوە و لە باسی دووەم و سێیەمدا مەرجەکانی هاتنەدی بەرپرسیاریەتی حکومەت و بنچینەی ئەم بەرپرسیاریەتیە و رێگاکانی خۆدەربازکردن لێی روونکرایتەوە.

بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی حوکمی هاتنەدی بەرپرسیاریەتی حکومەت، کە تیایدا باس لە داوای بەرپرسیاریەتی، لایەنی تایبەتمەند بە سەیرکردنی داواکە و رێکارەکانی بەرزکردنەوەی کراوە، هەروەها باس لە قەرەبووکردنەوە و رێگاکانی تانە گرتن لە بریاری قەرەبووکردنەوە کراوە. لە بەشی کۆتایشدا، توێژینەوەکە کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیاری خستووتەروو.

## ٢. سروشت و تەکییفی یاسایی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان

بەڵگە نەویستە کە هەموومرۆڤەکان بەرپرسیارن لە کار و بریارەکانیان و هەلسوکەوت کردنیان لەگەل کەل و پەل و کەسانی ژێر چاودێری خۆیان. بەرپرسیاریەتیش جۆراوجۆرە لە رووی شێواز و سروشتەوە، بەلام بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسیاریەتی دوو جۆری سەرەکی هەیە کە دەکرێت سزایی بێت یاخود شارستانی.

ئامانج لە بەرپرسیاریەتی سزایی پاراستنی کۆمەڵگا و ئەمن و ئاسایشیەتی. هەرکەسێک کارێک ئەنجام بدات کە زیانی هەبێت بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا، ئەوا بەرپرسیاریەتی سزایی لەسەر دروست دەبێت و شیاوی ئەو سزایە دەبێت کە لە یاسای سزادان و یاساکانی تری سزایی دەقی لەسەر کراوە. بەرپرسیاریەتی شارستانیش ئەو کاتە دێتەدی کە کارێکی رێگەپێنەدراو ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسێکی تر و بەمەش بەرپرسیاریەتی دروست دەبێت لەو زیانە بەرامبەر بەو کەسە. لە ئەنجامدا زیان پێکەوتوو پێویستە بە رادەی زیانەکە قەرەبوو بکرێتەوە بە پێی دەقەکانی یاسای

شارستانی یان هەر یاسایەکی دیکە جگەلە یاسایەکانی سزایی. لەم بەشەدا سروشت و تەکییفی یاسایی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان روون دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.٢ سروشتی یاسایی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان

دەتوانرێت بگوترێت کە بەرپرسیاریەتی حکومەت لەقەرەبوکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان بەرپرسیاریەتییەکی شارستانیە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لەکاتی بێتاوانی و دەرچونیان لە هەرێمی کوردستان، حکومەت قەرەبووی کەسی زەرەرمەند دەکاتەوە لە رووی ماددی و مەعنەویەوە (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠، ماددەی ٢). کەواتە بابەتی یاساکە قەرەبووکردنەوەیە نەک پێبژاردن، قەرەبووکردنەوەش بابەتێکی شارستانیە. بۆیە ئەم بەرپرسیاریەتیە، بەرپرسیاریەتییەکی شارستانیە نەک سزایی.

دووەم: بەپێی یاساکە ئەگەر دەقێک لەو یاسایە نەبوو لەسەر بابەتێک ئەوا دەبێت بگەرێینەوە سەر یاسای شارستانی و یاسای دادبینی شارستانی و یاسای سەلماندن. لە یاساکەدا هاتووە حوکمەکانی یاسای شارستانی و یاسای دادبینی شارستانی و یاسای سەلماندن بەجۆرێک جێبەجێ دەکرێن کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبن (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠، ماددەی ٩). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەبەرپرسیاریەتی حکومەت لێرەدا بەرپرسیاریەتی شارستانیە، ئەگەر بەرپرسیاریەتیەکە سزایی بوایە ئاماژەی بەوە دەکرد کەدەبێت بگەرێنەوە سەر یاسای سزادان و یاسای رێکارەکانی دادگایی سزایی.

٢.٢ تەکییفی یاسایی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان

لە (١.٢) دا ئاماژە بەوەدرا کە بەرپرسیاریەتی حکومەت بەرپرسیاریەتی شارستانییە. بۆئەوەی تەکییفی یاسایی ئەم بەرپرسیاریەتیە دیاری بکرێت دەبێت یەکەم جار جۆرەکانی بەرپرسیاریەتی شارستانی دیاری بکرێت و دواتر تەکییفی یاسایی ئەم بەرپرسیاریەتیەش دیاری بکرێت.

بە پێی یاسای شارستانی عێراقی بەرکار، بەرپرسیاریەتی شارستانی دووجۆرە: بەرپرسیاریەتی گرێبەستی و بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی(ناگرێبەستی). بەرپرسیاریەتی گرێبەستی دروست دەبێت لە ئەنجامی سەرپێچی کردن لە پابەندییێک لە پابەندییەکانی گرێبەستێکی دروست. واتا بۆ دروست بوونی ئەم بەرپرسیاریەتییە پێویستە گرێبەستێکی دروست لەنێوان لایەنەکان هەبێت. بەلام لەبابەتی قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان هیچ گرێبەستێک لە نێوان لایەنەکاندا نیە، بۆیە لێرەدا دەردەکەوێت کە بەرپرسیاریەتیەکە بەهیچ شێوەیەک بەرپرسیاریەتی گرێبەستی نیە. لە بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمیدا هیچ گرێبەستێک لەنێوان لایەنەکاندا نیە.  ئەوبەرپرسیاریەتییە دروست دەبێت لە ئەنجامی زەرەر و زیان گەیاندن بە کەسانی تر. جا ئەو زەرەرگەیاندنە لە ئەنجامی کاری کەسی ئەوەوە دروست ببێت یان کاری ئەوانەی لە ژێر چاودێری ئەودان یاخود بە هۆی ئەو ئاژەڵ و بیناو شتە نازیندووانەی تر دروست ببێت کە لەژێر کۆنترۆلی ئەودان. کەواتە ئەم بەرپرسیاریەتییەش چەند جۆرێکی هەیە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: بەرپرسیاریەتی لەکارە کەسییەکان**

بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی لە کارە کەسیەکان بێتە دی پێویستە کەسێك زیان بەکەسێکی تر یان ماڵی کەسێکی تر بگەیەنێ بەبێ بوونی گرێبەستێکی دروست لەنێوانیاندا، بەمەش ئەو کەسەی کە زیانی گەیاندووە بەرپرسیار دەبێت و هەر خۆشی پێویستە قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە . بەلام بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لەکاتی بێتاوانی و دەرچونیان لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە حکومەت قەرەبووی کەسی زەرەرمەند بکاتەوە، هەرچەندە حکومەت بەشێوەیەکی راستەوخۆ زیانی لەکەسی زەرەرمەند نەداوە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە بەرپرسیاریەتی حکومەت بەرپرسیاریەتی لەکارە کەسیەکان نیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: بەرپرسیاریەتی لە شتەکان**

بە پێی یاسای شارستانی عێراقی، بەرپرسیاریەتی لە شتەکان دووجۆرە: بەرپرسیاریەتی لەتاوانەکانی ئاژەڵ و بەرپرسیاریەتی لە بیناکان. ئەم یاسایە لە ماددەکانی ٢٢١-٢٢٦ باسی بەرپرسیاریەتی لەتاوانەکانی ئاژەڵی کردوە کە لە چەندین حالەتدا خاوەنی ئاژەڵەکەی بە بەرپرسیار داناوە لەو زیانەی کە ئاژەلەکەی بەکەسێک یان مالی کەسێکی تر گەیاندوە، ئەگەر هاتوو وریا نەبووبێت و رێگری لە ئەنجامدانی زیانەکەی نەکردبێت. هەروەها لە ماددەکانی ٢٢٩و٢٣٠ دا باسی بەرپرسیاریەتی لە بینا دەکات کەخاوەنی بیناکە بەرپرسیار دەبێت لە کاتی رووخانی بینا و زیان گەیاندن بەکەسێکی تر. هەروەها هەرکەسێک لە شوێنێکدا نیشتەجێ بێت بەرپرسیار دەبێت لە هەر زیانێک کە لەهەڵدان یان کەوتنەخوارەوەی شت لەو شوێنە دروست دەبێت ئەگەر کەسەکە وریایی تەواوی نەگرتبێتەبەر (یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ ی هەمووارکراو). بەلام لەو بەرپرسیاریەتیەی کە بۆ حکومەت دروست دەبێت لە قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند پەیوەندی بە ئاژەل و بیناوە نیە، کەواتە دەردەکەوێت کە بەرپرسیاریەتی حکومەت، بەرپرسیاریەتی لە شتەکان نیە.

**سێیەم: بەرپرسیاریەتی لە ئامێری میکانیکی یان شتی تر**

لە یاسای شارستانی عێراقی دا هاتووە: هەر کەسێک ئامێری میکانیکی یان شتی تری لەدەست دابێت و هەلسوکەوتی پێوە بکات کە پێویستیان بە چاودێری کردنی تایبەت هەبێت بۆ پاراستنی لە زیان گەیاندن، بەرپرسیاردەبێت لە هەر زیانێک کە روودەدات ئەگەر نە سەلمێنرێت وریایی پێویستی گرتۆتەبەر بۆ رێگریکردن لە روودانی ئەو زیانە (یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی١٩٥١ ی هەمووارکراو ، ماددەی ٢٣١). لێرەشدا ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە بۆ حکومەت دروست دەبێت هیچ پەیوەندییێکی بە ئامێری میکانیکی یان شتی ترەوە نیە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەر پرسیاریەتی حکومەت بەرپرسیاریەتی لە ئامێری میکانیکی یان شتی ترنیە.

**چوارەم: بەرپرسیاریەتی لە کاری کەسانی تر**

یاسادانەری عێراقی ئەم بەرپرسیاریەتییەی دابەشی دوو جۆر کردووە: بەرپرسیاریەتی کەسێک بۆ ئەوانەی لە ژێرچاودێری ئەودان و بەرپرسیاریەتی مەتبوع لە کارەکەنی تابع.

برگەی یەکەمی مادده (٢١٨) لە یاسای شارستانی عێراقی باوک پاشان باپیری پابەندکردووە بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی منداڵ دەیگەیەنێت. کەواتە بۆ دروست بوونی ئەم بەر پرسیاریەتیە پێویستە منداڵێک هەبێت لە ژێر چاودێری باوک یان باپیر و زیانێک بگەیەنێت. ئەم مەرجانە لەم بەرپرسیاریەتییەی حکومەتدا بوونیان نیە و بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان، بەرپرسیاریەتی کەسێک بۆ ئەوانەی لە ژێر چاودێری ئەودان، نیە.

لە برگەی یەکەمی مادده (٢١٩)ی یاسای شارستانی عێراقی هاتووە: حکومەت و شارەوانیەکان و دەزگاکانی تر کە هەلدەستن بە خزمەت گوزاری گشتی،... بەرپرسیار دەبن لەو زیانانەی کە روو دەدەن لە لایان کارمەندەکانیانەوە، ئەگەر زیانەکە بە ئەنقەست دروست ببێت لەوکاتەی بەکارەکانیان هەڵدەستن. هەروەها بە پێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان، حکومەت ئاکامی قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی ئەو کەسانە لە ئەستۆ دەگرێت کە بە نارەوا گلدراینەوە یان گیراون یان ماوەی گیرانیان لە رادەی یاسایی رەتبوبێت یان بە سزایەکی وا حوکم درابن کە ئازادییان لێ سەندبێتەوە لەلایەن لایەنە دادوەرییە تایبەتیەکانەوە بەبێ بەڵگەی یاسایی، و لەدواییدا بریارێک دەرچووبێت بە رەتکردنەوەی سکالای دژیان یان بە ئازاد کردن و داخستنی داواکاری دژیان یاخود بە بێ تاوان حوکمدانیان و بریارەکەش رادەی بنبری بەپێی یاسا جێبەجێ کراوەکان وەرگرتبێت (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، ماددەکانی ٢ و ٤). کەواتە بەپێی ئەم ماددانە ئەگەر بێتو دادوەرێک حوکمێک دەربکات بەمەش زیان بەکەسی راگیراو یان حوکمدراو بکەوێت ئەوا حکومەت دەبێ قەرەبووی ئەو کەسە بکاتەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەرپرسیاریەتی حکومەت لەم قەرەبووکردنەوەیەدا بەرپرسیاریەتی لە کاری کەسانی ترە.

پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە لە هەرێمی کوردستاندا دادوەران سەر بە دەستەڵاتی دادوەرین و راستەوخۆ سەر بە حکومەتی هەرێم نین . بەڵام دەتوانرێت ئاماژە بە چەند هۆکارێک بدرێت کە بەرپرسیاریەتی حکومەت لێرەدا بەرپرسیاریەتیە لە کاری کەسانی تر، لەوانەش: یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان، بە دەقی راشکاو حکومەتی بە بەرپرسیار داناوە بۆ

قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند لەو زیانانەی تابعی دەستەڵاتەکانی دیکەش (دەستەڵاتی دادوەری) دەبنە مایەی لێکەوتنی. هەروەها بە پێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان، نابێ کەس بگیردرێت تەنها لەجێگا تایبەتییەکانی گیراواندا نەبێت کە لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی حکومەتن و هەروەها هیچ لایەنێکی غەیرە حکومی یان حکومی نا تایبەتمەند بۆی نیە شوێنی گلدانەوەی کەسەکانی هەبێت یان بە هەر بیانوویەک کەسێک گلبداتەوە (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، برگەی دووەم و سێیەمی ماددەی ١). لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو کەسانەی کە لە لایەن دادوەرە تایبەتمەندەکانەوە بریاری راگرتن یان حوکمدانیان لەسەر دەردەچی لە جێگا تایبەتییەکانی سەر بە حکومەت رادەگیرێن، و ئەگەر لەو بریارە زەرەرمەند بوون دەبێت حکومەت قەرەبوویان بکاتەوە، کەواتە باشترین تەکییف بۆ بەرپرسیاریەتی حکومەت، بەرپرسیاریەتی لە کاری کەسانی ترە.

## ٣. دروست بوون و بنچینەی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەربووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان

بەرپرسیاریەتی حکومەت لە بریارەکانی دادوەران سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان، بەرپرسیاریەتی مەتبوعە لە کرداری تابعەکان(دادوەران)ی، بۆیە لەم بەشەدا، لەچەند باسێکی جیاوازدا بەرپرسیاریەتی حکومەت و پایەکان و مەرجەکانی ئەم بەرپرسیاریەتیە دەخرێنەروو.

١.٣ کەسی بەرپرس لە قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان و کەسی زەرەرمەند

بە گەرانەوە بۆ یاساکانی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسی بەرپرسە لە قەرەبووکردنەوەی کەسە زیان بەرکەوتووەکان لە کاتی بێتاوانی و دەرچونیان. ،هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد برگەی یەکەمی ماددە (٢١٩) لەیاسای شارستانی عێراقی حکومەت و شارەوانیەکان و ... ی بە بەرپرسیار داناوە لەو زیانانەی کارمەندەکانیان بە ئەنقەست دروستی دەکەن لەو کاتەی بە کارەکانیان هەلدەستن. هەروەها بە پێی ماددە (٤)ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان

و حوکمدراوان لە کاتی بێتاوانی و دەرچونیان، حکومەت ئاکامی قەرەبووکردنەوەی زیان بەرکەوتووان لە ئەستۆ دەگرێت پاش ئەوەی بریاری لێژنەی تایبەتمەند پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

ماددە (٢) ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لەکاتی بێتاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان چەند کەسێکی دیاریکردووە وەک کەسی زەرەرمەند، ئەوانیش: هەرکەسێک بە نارەوا گلدرایەوە یان گیرا یان ماوەی گیرانەکەی لە رادەی یاسایی رەت بووبێ یان بە سزایەکی وا حوکم درابێ کە ئازادییەکەی لێ سەندبێتەوە لە لایەن لایەنە دادوەریە تایبەتیەکانەوە بەبێ بەلگەی یاسایی. کەواتە بەپێ ئەم ماددەیە دەکرێت کەسی زەرەرمەند کەسێکی راگیراو (تۆمەتبار) بێت یاخود حوکم دراو بەنارەوا. بۆیە بۆ مەبەستەکانی ئەو توێژینەوەیە، تۆمەتبار ئەو کەسەیە کە بەتۆمەتی سەرپێچیکردنێکی یاساییەوە راگیراوە و ئازادییەکەی لێسەندرایەتەوە بەدانانی لە شوێنی تایبەتی گرتن بەبریارێک لە لایەن لایەنێکی دادوەری تایبەت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە یاسا دیاریکردوە، و لەو ماوەیەدا لایەنی تایبەتمەند هەول دەدات کە تۆمەتی دراوەپال بسەلمێنێت یاخود بێتۆمەتی ئەو بسەلمێنێت، بەڵام ئەو کەسە حوکم نەدراوە. بە پێچەوانەوە، حوکم دراو کەسێکە کە لە بەندیخانەیەک بەند دەکرێت بەبریاری کۆتایی دادگای تایبەتمەند بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە لە بریارەکەدا هاتووە بە پێی ئەو ماددە یاساییەی کە لەسەری سزا دراوە، ئەمەش وەک سزایەک بەرامبەر ئەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە.

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت هەر تۆمەتبارێک بەنارەوا راگیرا یان گلدرایەوە یاخود هەر حوکم دراوێک ماوەی گیرانەکەی لەرادەی یاسایی رەتبووبێت یان لەلایەن لایەنە دادوەریە تایبەتییەکانەوە بەبێ بەلگەی یاسایی و بە شێوەیەکی نارەوا گیرا ئەوا ئەم کەسە بە زەرەرمەند دادەنرێت.

٢.٣ مەرجەکانی دروست بوونی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەرەبووکردنەوە

بۆدروست بوونی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەرەبوکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان بەنارەوا پێویستە دوو مەرجی سەرەکی بێنەدی، بۆیە لە دوو تەوەری جیاوازدا مەرجەکانی ئەم بەرپرسیاریەتیە دەخرێنە روو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢.٣ .١ دەرچوونی بریارێک بەنارەوا یان بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن دادوەر کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە راگیراو یان حوکمدراو

یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان، بە دەقی راشکاو حکومەتی بە بەرپرسیار داناوە لەو زیانانەی تابعی دەستەڵاتی دادوەری (دادوەران) دەبنە مایەی لێکەوتنی. بەرپرسیاریەتی دادوەران بنچینەی بەرپرسیاریەتی حکومەتە، بۆیە بۆ بەرپرسیار بوونی حکومەت پێویستە بەر پرسیاریەتی دادوەرەکان بێتە دی. بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی دادوەریش بێتەدی پێویستە بریارێک بەنارەوا یان بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن دادوەرێک دەربچی کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە راگیراو یان حوکمدراوێک. هەروەک چۆن لە مادده (٢)ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێتاوانی و دەرچوونیان دا هاتووە "هەرکەسێک بە نارەوا گلدرایەوە... ئازادیەکەی لێ سەندبێتەوە لەلایەن لایەنە دادوەرییە تایبەتیەکانەوە بەبێ بەلگەی یاسایی،... ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە داوای قەرەبوو کردنەوە... بکات" . هەروەها لەم یاسایەدا هاتووە "ئەگەر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان...بینی هەڵەیەک لە رێکارە دادوەریەکان هەیە، یان هەڵەیەک لەدادوەرێکەوە روویداوە بووەتە هۆی گرتنی تۆمەتبار بەبێ حەق یاخود حوکمدانی بەبێ بەڵگەیەکی یاسایی، دەبێ دادوەری ناوبراو بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی... بۆ لیژنەی کاروباری دادوەرانی رەوانەبکات" (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، ماددەی ٧).

مەرجی یەکەمی ئەم بەرپرسیاریەتیە نایەتەدی تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە پایەکانی هەبێت. کەواتە بۆ هاتنەدی ئەم مەرجە پێویستە هەرسێ پایەکانی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی بێنەدی کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

## یەکەم: هەڵە

پایەی هەڵە لەم بەرپرسیارتیەدا، لە ماددەی ٢ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان ئاماژەی پێدراوە کە بریتیە لە حوکمدانی کەسێک بە گلدانەوە یان گیرانی بە نارەوا، یان تێپەر بوونی ماوەی گیرانی کەسێک لە رادەی یاسایی خۆی، یاخود حوکمدانی کەسێک بە سزایەک کە ئازادیەکەی لێسەندبێتەوە بەبێ بەلگەی یاسایی، لەلایەن دادوەرانی تایبەتمەندەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: زیان

هەروەک دەزانرێت زیان پایەیەکی سەرەکییە بۆ دروست بوونی بەرپرسیاریەتی شارستانی و داواکردنی قەرەبوو. بەرپرسیاریەتی دروست نابێت بەبێ زیان، و قەرەبووش نابێت تەنها بەقەدەر زیان نەبێت. زیان یان ماددی دەبێت کە بەر مال یان جسمی کەسەکە دەکەوێت یان مەعنەوی (ئەدەبی) یە کە ئازارێکە بەر شعوری کەسەکە دەکەوێت (بکر، ٢٠١٦، ص ١٨١). بە پێی یاسای شارستانی عێراقی خەملاندنی قەرەبووی زیانی ماددی بەقەد ئەو خەسارەتە دەبێت کە بەر کەسەکە کەوتووە و ئەو دەستکەوتەی لەدەستی چووە. ،هەروەها بە پێی یاساکە مافی قەرەبووکردنەوە زیانی ئەدەبیش لەخۆدەگرێت کە کەسی دەستدرێژیکار بەرپرسیار دەبێت لە قەرەبووکردنەوە هەر دەست درێژیەک بۆ سەر ئازادی یان ئابرووی یان شکۆی یان ناوبانگی یان پێگەی کۆمەلایەتی یاخود متمانەی دارایی کەسێک (یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی١٩٥١ ی هەموارکراو ، برگەی یەکەمی ماددەی ٢٠٧ و برگەی یەکەمی ماددەی٢٠٥ ). هەروەها لە ماددە (٢٠٢)ی یاسای شارستانی عێراقیدا هاتووە "هەر کردەوەیەک زیان بە گیان بگەیەنێت لە کوشتن یان بریندارکردن یان لێدان یان هەر جۆرێکی تری ئازاردان پێویستە قەرەبوو بکرێتەوە لە لایان ئەو کەسەی زیانەکەی ئەنجامداوە". کەواتە ئەگەر کردەوەی کەسێک ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە جەستەی کەسێکی دیکە، ئەوا کەسی دەستدرێژیکار دەبێت خەرجییەکانی چارەسەری بدات کە خەرجی دەرمانەکان و نەخۆشخانە لەخۆ دەگرێت. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە زیانی جەستەیی دەبێتە هۆی زیانی ماددی لە تێچووی چارەسەرکردنی پزشکی، هەروەها دەبێتە هۆی زیانی ئەدەبیش، وەک ئازاری دەروونی بە هۆی لێدان و ئەشکەنجەدان. سەبارەت بە پایەی زیان لە یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان، ماددە (٢) رێگای بە راگیراو یان حوکمدراوی زەرەرمەند داوە کە داوای قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی بکات لەبارەی ئەو زیانەی لێیکەوتووە لە ئەنجامی گرتن وحوکمدانی. کەواتە زیان لێرەدا بریتیە لەو زیانە ماددی و مەعنەویەی بەر راگیراو یان حوکمدراوێک دەکەوێت لەئەنجامی دەرچوونی بریارێکی نارەوا یان بریارێک بە بێ بەڵگەی یاسایی.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


**سێیەم: پەیوەندی هۆکاری لە نێوان هەڵە و زیان**

بۆ ئەوەی پایەی سێیەم بێتە دی، پێویستە پەیوەندی هۆکاری هەبێت لە نێوان ئەو هەڵەیەی کە روویداو و ئەو زیانەی کە بەر راگیراو یان حوکمدراو کەوتووە. بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوە راگیراوان و حوکمدراوان، هەر کاتێک ئەو حوکمەی کە لە لایەن دادوەری تایبەتمەندەوە دەردەچێت بە نارەوا یان بە بێ بوونی بەڵگەی یاسایی، ببێتە هۆی گرتن و حوکمدانی کەسێک و دواتر بریارێک بەرەتکردنەوەی سکالاکەی یان ئازاد کردنەکەی دەربچی و داواکاریەکەی دابخرێت یاخود بەبێ تاوان حوکم بدرێت و بریارەکەش رادەی بنبر وەربگرێت، ئەوا پەیوەندی هۆکاری لە نێوان هەڵە و زیان دێتەدی (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، مادده ٢).

سەلماندنی پەیوەندی هۆکاری دەکەوێتە ئەستۆی راگیراو یان حوکمدراوی زەرەرمەند، لەبەر ئەوەی سەلماندنی پایەکانی بەرپرسیاریەتی لەسەر ئەوە. لەم بەرپرسیاریەتییەدا سەلماندن ئاسانە لە رێگەی ئەو بەلگانەی لەبەر دەستن. بۆ نموونە راگیراو یان حوکمدراو تەنها بە هێنانی بریارێکی بنبر کە رەتکردنەوەی سکالای دژی لەخۆ گرتبێت یان ئازاد کردن و داخستنی داواکاریەکەی دژی یاخود حوکمدانی بەبێ تاوان، دەتوانێت پایەکانی ئەم بەرپرسیاریەتییە بسەلمێنێت و لەو کاتەدا قورسایی نەفی کردن و سەلماندن دەگوازرێتەوە بۆ حکومەت.

**٢. ٢.٣ دەرچوونی بریارێک لەلایەن دادوەر لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتەکەی**

یاساکان کۆکن لەسەر بەرپرسیار بوونی مەتبوع، ئەگەر هەڵەکە لەلایەن تابعەوە روویدات لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکەکەی. یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان ئاماژەی بەو بابەتە نەداوە بۆیە بۆ رێکخستنی، دەبێت بگەرێینەوە سەر دەقەکانی یاسای شارستانی عێراقی. بەپێی برگەی یەکەمی ماددەی ٢١٩ لەیاسای شارستانی عێراقی "حکومەت و شارەوانیەکان و دەزگاکانی تر کەوا بە خزمەتێکی گشتی هەلدەستن ... بەرپرسیارن لەو زیانەی کرێکارەکانێان ئەنجامی دەدەن، ئەگەر زیانەکە بەهۆی کارێکی دەستدرێژی لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتەکەیان روویدا بێت." کەواتە بەپێی ئەم ماددەیە حکومەت بەرپرسیارە لەو هەڵانەی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادوەرەکان ئەنجامی دەدەن لە کاتی هەلسان بەخزمەتەکەیان، و بەپێچەوانەوە ئەگەر هەڵەیەک ئەنجامدرا کە لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتەکەیان نەبووبێت، ئەوا بەرپرسیار نابێت.

### ٣.٣ بنچینەی بەپرسیاریەتی حکومەت لە بریارەکانی دادوەر و رێگاکانی خۆدەربازکردن لێی

بە شێوەیەکی گشتی، بە پێی یاسای شارستانی عێراقی بەرپرسیاریەتی مەتبوع پشت دەبەستێت بە بەرپرسیاریەتی تابع؛ مەتبوع بەرپرسیاریەتی ناکەوێتە ئەستۆ تەنها لەکاتی سەلماندنی بەرپرسیاریەتی تابع نەبێت. ئەم یاسایە بۆ بنچینەی بەرپرسیاریەتی مەتبوع پشتی بە هەڵەی گریمانەکراو بەستووە بەلام مەجالی نەفی کردنی بۆ مەتبوع بەجێهێشتووە، بەو پێیەی هەڵەی گریمانەکراوی سادەیە و شیاوی سەلماندنی پێچەوانەیە. بەپێی مادده (٢١٩) لە یاسای شارستانی عێراقی مەتبوع دەتوانێ نەفی بەرپرسیاریەتی بکات و خۆی لە بەرپرسیاریەتییەکە رزگار بکات بە سەلماندنی ئەوەی کە هەوڵی پێویستی داوە بۆ رێگەگرتن لە رودانی زیان یاخود ئەوە بسەلمێنت کە زیانەکە هەر رووی دەدا هەرچەند هەوڵی پێویستیشی دابا بۆ رێگەگرتن لە رودانی. هەروەها بەپێی مادده ٢٢٠ لە یاسای شارستانی عێراقی مەتبوع دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ تابع بەو قەروبووەی داویەتی.

ناکرێت ئەم دوو ماددانەی یاسای شارستانی عێراقی وەک خۆی لەسەر بەرپرسیاریەتی حکومەت لە کاری دادوەراندا جێبەجێ بکرێن چونکە لە یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان بابەتەکە کەمێک جیاوازتر رێکخستنی بۆکراوە. بەپێی مادده (٢)ی ئەم یاسایە، بنچینەی بەرپرسیاریەتی حکومەت بریتیە لە هەڵەی دادوەر لە دەرکردنی بریارێک بەنارەوا یان بەبێ بەلگەی یاسایی. ئەو ماددەیە رێگای بە حکومەت نەداوە کەپێچەوانەی ئەم هەڵەیە بسەلمێنێت وەکو ئەوەی کە لە مادده (٢١٩)ی یاسای شارستانی عێراقی دا هاتووە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە بنچینەی بەرپرسیاریەتی حکومەت هەڵەیەکە کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانە نیە. بەلام یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان دەسەلاتێکی تری بە حکومەت داوە کە بۆ قەرەبووەکە بگەرێتەوە سەر لایەنێکی تر، کە لە یاساکەدا هاتووە "وەزیری دارایی لەپال فرمانەکەیەوە مافی ئەوەی هەیە بگەرێتەوە سەر شکایەتکار یان خەبەردەر یان شاهید کە بونەتە هۆی گلدانەوە یان گرتنەکە یان حوکمە نایاساییەکە لە بارەی ئەو قەرەبووکردنەوەیەی کەداویەتی، ئەگەر ساغ بووەوە کە شکایەتەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێڵە یان خەبەردانەکە درۆیە یان شایەدییەکە ناهەقە" (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، مادده ٦).

ئەوەی کە پێویستە لێرەدا تێبینی بکرێت ئەوەیە کە لە ماددەی (٦)ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان باسی ئەوە نەکراوە کە حکومەت مافی گەرانەوەی هەبێت بۆ دادوەر ئەگەر هەڵەکە لەلایەن ئەوەوە روویدابوو، کە وا باشتر بوو ئەمەش لە ماددەکەدا جێگیر کرابا. بەلام حکومەت دەتوانێت پشت بە مادده(٢٢٠)ی یاسای شارستانی عێراقی ببەستێت بۆ گەرانەوە بۆ سەر دادوەر کە حوکمێکی گشتیە و رێگای بە بەرپرس لە کاری کەسانی تر داوە کە بگەرێتەوە بۆ سەر ئەم کەسانە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرەبووەی کە داویەتی.

هەروەها یاسای قەرەبوکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان رێگای بە ئەنجامدانی رێکاری یاسایی و لێکۆلینەوەیی داوە لە دژی دادوەران کە تیایدا هاتووە:

ئەگەر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو زانیاریانەی لەلایەتی یان لە سەر راسپاردەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە، یان سەرۆکی دادگای تاوانەکانی تایبەتمەند بینی هەڵەیەک لە رێکارە دادوەریەکان هەیە، یان هەڵەیەک لە دادوەرێکەوە رویداوە بووەتە هۆی گرتنی تۆمەتبار بەبێ هەق، یاخود حوکمدانی بەبێ بەلگەیەکی یاسایی، دەبێ دادوەری ناوبراو بەپێی یاسای دەسەلاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ لێژنەی کاروباری دادوەرانی رەوانە بکات (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، مادده ٧).

## ٤. حوکمی هاتنەدی بەرپرسیاریەتی حکومەت (قەرەبووکردنەوە)

بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان، هەر کاتێک هەموو مەرجەکانی دروست بوونی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە قەرەبووکردنەوە (بڕوانە ٢.٣) هەبوون، ئەوا بەرپرسیاریەتیەکە دێتەدی و حوکمی بەدیهاتنی ئەم بەرپرسیاریەتیەش قەرەبووکردنەوەیە، کەراگیراو یان حوکمدراوی زەرەرمەند مافی داواکردنی قەرەبووی هەیە بۆ ئەو زیانەی کە لە ئەنجامی گرتن و حوکمدانی پێی کەوتووە. بۆ باسکردنی حوکمی ئەم بەرپرسیاریەتیە و داوای قەرەبووکردنەوە، ئەم بەشە دابەشی سێ باسی سەرەکی دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١.٤ داوای قەرەبووکردنەوە

بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەسەی زیانی بەرکەوتووە لە کاری نارەوا یان جێگرەکەی وەکو بریکار، وەلی، وەصی، یان قەیم دەتوانێت داوای قەرەبووکردنەوە بەرزبکاتەوە. ئەگەر زیان بەرکەوتووان چەند کەسێک بوون، دروستە هەریەکیان داوایەکی سەربەخۆ بەرز بکاتەوە و دروستیشە هەموویان بە یەکەوە داوایەکی هاوبەش بەرزبکەنەوە بۆ داواکردنی قەرەبوو لەو زیانەی بەریان کەوتووە. ئەگەر قەرەبووەکە بۆ زیانی ماددی بوو ئەوا زەرەرمەند یان جێنشینی گشتی یان تایبەتیەکەی داوا بەرزدەکاتەوە یان ئەو خاوەنقەرز (دائن)ەی دەتوانێت داوای قەرەبوو بکات بەناوی قەرزدار (مەدین)ەوە لەرێگای داوای ناراستەوخۆیەوە (حکیم، البکری و بشیر، ٢٠١٧، لا ٢٨٣). بەلام ئەگەر قەرەبووەکە بۆ زیانی ئەدەبی بێت ئەوا ئەوەی داوا بەرزدەکاتەوە زیان لێکەوتووە یان هاوسەرەکان و خزمەکانی خێزانەکەی لەبری ئەو زیانە ئەدەبیانەی بەهۆی مردنی کەسی توشبوو پێیان کەوتوە (یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی١٩٥١ ی هەموارکراو ، برگەی دووەمی مادده ٢٠٥).

بەپێی مادده (٢)ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لەکاتی بێتاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستاندا، هەرکەسێک کە بە نارەوا گلدرابێتەوە یان گیرا بێت یان ماوەی گیرانەکەی لە رادەی یاسایی رەت بووبێ یان بە سزایەکی وا حوکم درابێ کە ئازادییەکەی لێ ساندبێتەوە لە لایەن لایەنە دادوەریە تایبەتیەکانەوە بەبێ بەلگەی یاسایی، دەتوانێت داوای قەرەبووکردنەوە بەرزبکاتەوە. هەروەها بەپێی یاسای ئاماژە پێکراو، مافی قەرەبووکردنەوە لە کاتی مردنی خاوەن ماف تەنها بۆ هاوسەر و و منداڵ و دایک و باوکی کەسەکە دەگوازرێتەوە (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، مادده ٤، برگەی سێیەم).

#### ١.١.٤ لایەنی تایبەتمەند بە سەیرکردنی داوای قەرەبووکردنەوە

بەپێی مادده (٣)ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لەکاتی بێ تاوانی و دەرچونیان، لە هەر دادگایەکی تێهەڵچوونەوە لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە و ئەندامیەتی دوو لە دادوەرانی ئەم دادگایە، بۆ تەماشاکردنی داواکاری قەروبووکردنەوە. دادگای تێهەڵچوونەوەی تایبەتمەند بەسەیرکردنی داواکاری قەرەبووکردنەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادگای تێهەڵچوونەوەیە لە شوێنی نیشتەجێی داواکاری قەرەبووکردنەوە یان شوێنی گلدانەوە یان گرتنی یان حوکمدانی. هەروەها بەپێی رێنماییەکانی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کە بۆ ئەم یاسایە دەرچووە، لە هەر دادگایەکی تێهەلچوونەوە لێژنەی ئاماژە پێکراو پێکدێت بە پێی بەیانێک لە لایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری لەسەر راسپاردەی سەرۆکی دادگای تێهەلچوونەوە (رێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری سەبارەت بە چۆنیەتی دواکردنی قەرەبوو لە راگرتن و حوکم دەرچوون بەبێ تاوان بوون، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، مادده ١).

**٢.١.٤ رێکارەکانی بەرزکردنەوەی داوا و سەیرکردنی و لایەنەکانی داوا**

دوای دەرچوونی بریارێک بە ڕەتکردنەوەی سکاڵای دژی راگیراو یان حوکمدراو یان بە ئازادکردنی و داخستنی داواکاریەکەی دژی یان بە بێ تاوان حوکم دانی، و وەرگرتنی پلەی بنبر و هاتنەدی هەموو مەرجەکانی بەرپرسیاریەتی، راگیراو یان حوکمدراوی زەرەرمەند یاخود نوێنەرە یاساییەکەی یان ئەو کەسەی بەپێی یاسا مافی بەرزکردنەوەی داوای هەیە، داواکاری قەرەبووکردنەوە پێشکەش بە لیژنەی تایبەتمەند دەکات لە دادگای تێهەڵچوونەوەی شوینی نیشتەجێ بوونی خۆی یان گلدانەوەی یان گرتنی یان حوکم دانی. پێویستە لیژنەی تایبەتمەندیش بە شێوەیەکی بەپەلە (متسعجل) سەیری ئەم داوایە بکات (رێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری سەبارەت بە چۆنیەتی دواکردنی قەرەبوو لە راگرتن و حوکم دەرچوون بەبێ تاوان بوون، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، مادده ١).

داواکاری قەرەبووکردنەوە دەبێت کۆمەلێک زانیاری لەخۆ بگرێت وەکو ناوی ئەو لایەنەی کە بریاری گلدانەوە و گرتنی داوە، ماوەی گلدانەوە و گرتنەکە و هەر زانیاریەکی تر کە توانا بەلێژنەکە بدات داوای پەراوی لێکۆلینەوە یان داوای سزایی بکات. هەروەها پێویستە کۆمەلێک بەلگەنامە و دۆکیۆمێنت لەگەل داواکاریەکە هاوپێچ بکرێن ئەوانیش: ناسنامەی باری شارستانی داواکار یان وێنەی تۆمار (صورة قید)ی باری شارستانی، بەلگەیەک کە پیشە و داهاتی داواکاری قەرەبووکردنەوە بسەلمێنێت و لەکاتی مردنی دا دابەشنامەی شەرعی هاوپێچ دەکرێت و لەکاتی بوونی ناکامەکان بەڵگەی راسپێردراوان (حجة الوصایة) هاوپێچ دەکرێت، و لەکاتی بریندار بوون هەموو راپۆرتەکانی سەرەتایی و کۆتایی پزشکی و هەلسەنگاندنی پلەی کەم ئەندامی هاوپێچ دەکرێت (رێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری سەبارەت بە چۆنیەتی دواکردنی قەرەبوو لە راگرتن و حوکم دەرچوون بەبێ تاوان بوون، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مادده ٢). پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە بە پێی مادده (٣)ی ئەم رێنماییە لەکاتی داواکردنی قەرەبوو لەبەردەم لێژنەکانی قەرەبوو و تانە گرتن لە بریارەکانیان هیچ رسوماتێک وەرناگیرێت.

بە پێی مادده (٩)ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان، لێژنەی تایبەتمەندەکان لە کاتی دادبینی و سەیرکردنی داوای قەرەبووکردنەوە، حوکمەکانی یاسای شارستانی و یاسای دادبینی شارستانی و سەلماندن جێبەجێ دەکەن بەمەرجێک لەگەل حوکمەکانی خودی یاساکە ناکۆک نەبن. لێژنەی تایبەتمەندەکان خۆیان خەملاندن بۆ قەرەبوو ی ماددی و ئەدەبی زەرەرمەند دەکەن و دەتوانن بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی کەسی شارەزا ( لێزان) و پسپۆر و دکتۆرەکان بکەن و حکومەت تحملی قەرەبوو و کرێی کەسی لێزان و پسپۆران دەکات (رێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری سەبارەت بە چۆنیەتی دواکردنی قەرەبوو لە راگرتن و حوکم دەرچوون بەبێ تاوان بوون، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، مادده ٢).

### ٣.١.٤ ماوە بەسەرچوونی داوای قەرەرەبووکردنەوە

سەبارەت بە ماوە بەسەرچوونی داوای بەرپرسیاریەتی حکومەت لە کاری دادوەرانی، لە برگەی دووەمی ماددەی (٤)ی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیاندا هاتووە "پاش تێپەربوونی ساڵێک بەسەر وەرگرتنی بریاری ئازادکردنی یان حوکمدان بە بێ تاوانی پلەی کۆتایی گوێ لە داواکاری قەرەبووکردنەوە ناگیرێ". کەواتە ئەم یاسایە ماوە بەسەرچوونی داواکەی بەساڵێک داناوە لەو رۆژەی کە بریار یان حوکمەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت. ئەمەش جیاوازە لە ماوە بەسەرچوونی داوای بەرپرسیاریەتی لە کاری نارەوا کە لە مادده (٢٣٢)ی یاسای شارستانی عێراقیدا هاتووە، کە ماوە بەسەرچوونەکە تێپەربوونی سێ ساڵە بەسەر ئەو رۆژەی زیان لێکەوتوو بە زیانەکە و ئەوکەسە دەزانێت کەوا زیانەکەی ئەنجامداوە و لە هەموو حالەتێکی تر پانزە ساڵە بەسەر رۆژی روودانی کاری نارەوا. یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان یاسای تایبەتە بەو بابەتە، بۆیە سەبارەت بە ماوەی بەسەرچوونی داوا، کار بە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکرێت نەک یاسای شارستانی عێراقی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢.٤ قەرەبوو

کاتێک لیژنەی تایبەتمەند سەیری داوای قەرەبووکردنەی راگیراوان و حوکمدراوان دەکات لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیاندا، ئەگەر بینی هەرسێ پایەی بەرپرسیاریەتیەکە و مەرجەکانی بوونیان هەیە، پێویستە لەسەری بریار لەسەر کەیسەکە بدات، بریارەکەش قەرەبووکردنەوەیە. قەروبوو ئامرازێکی دادگاییە بۆسرینەوەی زیان یان سوک کردنی و پێویستە لەگەل زیاندا بگونجێت. لەم باسەدا لە دوو تەوەری جیاوازدا باس لە جۆرەکانی قەرەبووکردنەوە و تانە لێدان لە بریاری لیژنەی قەرەبووکردنەوە دەکرێت.

### ٢.٤. ١ جۆرەکانی قەرەبووکردنەوی راگیراو و حوکمدراوی زەرەرمەند لە کاتی بێتاوانی و دەرچوونیان

بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی زۆربەی یاساکان، باوترین جۆرەکانی قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند قەرەبووی ماددی و قەرەبووی ئەدەبین. هەروەک پێشتر ئاماژە پێکراوە بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان کەسی زەرەرمەند مافی داواکردنی قەرەبووی ماددی و ئەدەبی هەیە. بە پێی ماددە (٢٠٧) لە یاسای شارستانی عێراقی قەرەبووکردنەوە بەقەد ئەو زیانەی بە کەسی زیانلێکەوتوو کەوتووە و ئەو دەستکەوتەی لەدەستی چووە دەخەملێندرێت. لە یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوانیش هەمان بنەما پەیرەو کراوە کە لەبرگەی دووەمی ماددە (٥) دا هاتووە "قەرەبووی ماددی لەسەر بنەمای ئەوەی لە دەستی چووە و ئەو زیانەی [پێی کەوتووە] لە ماوەی گلدانەوە یان گرتن یان حوکمدانەکەی دەخەملێندرێ."

سەبارەت بە قەرەبووی ئەدەبی، لە برگەی یەکەمی ماددەی (٢٠٥) لەیاسای شارستانی عێراقی دا هاتووە کە هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر ئازادی یان ئابرووی یان شکۆی یان ناوبانگی یان پێگەی کۆمەلایەتی یان متمانەی دارایی کەسێک، ئەوا بەرپرسیار دەبێت لە قەرەبووکردنەوە ئەو زیانە ئەدەبیانە. بەلام یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان بەشێوەیەکیووردتر و پێشکەوتووتر باسی قەرەبووی ئەدەبی و چۆنیەتی خەملاندنی کردووە کە لە برگەی یەکەمی ماددەی (٥) داهاتوو "قەرەبووکردنەوەی ئەدەبی لە سەر بنەمای ئەو ئازار و ناخۆشیانە دەخەملێنرێ کە زیان پێکەوتوو تووشی هاتووە و ئەوەی کە کاری لە ناوبانگ یان پێگەی کۆمەلایەتی یان وەزیفی کردووە".

هەروەها برگەی سێ لە مادده (٤)ی هەمان یاسا ئاماژەی بەوە کردووە کە مافی قەرەبووکردنەوە لەکاتی مردنی خاوەن ماف تەنها بۆ هاوسەر و منداڵ و دایک و باوک دەگوازێتەوە.

دوای دەرچوونی بریاری قەرەبوو لە لایەن لێژنەی تایبەتمەند و پاش ئەوەی کە بریاری لیژنەکە پلەی باتی وەرگرت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کورستان بری قەرەبووەکە بدات. بە پێی رێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری، پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی هەلستێت بە ئامادەکردنی مستنداتی صرف و رێکخستنی چەک بەمەبەستی پێدانی بری حوکم لەسەر دراو لەو بریارانەی کە پلەی بنبریان وەرگرتووە و بۆی نێردراون بەنووسراوی فەرمی لەلایەن لیژنەکە، لەسەر داواکاری لایەنی پەیوەندیدار (رێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری سەبارەت بە چۆنیەتی دواکردنی قەرەبوو لە راگرتن و حوکم دەرچوون بەبێ تاوان بوون، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، مادده ٦). هەروەک پێشتر ئاماژە پێکراوە، وەزیری دارایی لەپال فرمانەکەیەوە بۆی هەیە بگەرێتەوە سەر شکایەتکار یان خەبەردەر یان شاهید کە بوونەتە هۆی گلدانەوە یان گرتنەکە یان حوکمە نایاساییەکە بۆ ئەو قەرەبووەی کە داویەتی، ئەگەر ساغ بووەوە کە شکایەتەکە فێلە یان خەبەردانەکە درۆیە یان شایەدییەکە ناهەقە. هەروەها یاساکە بەپێویستی داناوە لەسەر ئەنجوومەنی دادوەریی بریارەکانی حوکمدان بەبێ تاوانی و ئازادکردنی کەسی زەرەرمەند لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی هەرێمدا بلاوبکاتەوە (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، مادده ٦ و مادده (٥) برگەی سێیەم).

### ٢.٢.٤ رێگاکانی تانە لێدان لە بریارەکانی لێژنەی قەرەبووکردنەوە

سەبارەت بەتانەگرتن لە بریاری لیژنەی قەرەبووکردنەوە، دوای ئەوەی کە لیژنەی تایبەتمەند لە دادگای تێهەڵچوونەوە سەیری داواکەی کرد و بریاری دەرکرد جا هەر بریارێک بێت چ بەقەرەبووکردن یان نەکردنی یان هەربریارێکی تر، بریارەکەی شایەنی تانە ( تانوت) لێدانە بە تانەی تمییزی لە بەردەم دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزیری دارایی لەپال فرمانەکەیەوە یان داواکاری قەرەبووکردنەوە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەیان بەو بریارە. دادگای پێداچوونەوەش بریاری لیژنەکە پەسەند دەکات یاخود هەمووی یان بەشێکی هەلدەوەشێنێتەوە یاخود بری قەرەبووەکە کەم یان زیاد دەکات و هەربریارێک بدات لەم بابەتەدا،

بڕیارەکەی باتە (یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠١٠، ماددە (٣) برگەی یەکەم؛ ڕێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری سەبارەت بە چۆنیەتی دواکردنی قەرەبوو لە ڕاگرتن و حوکم دەرچوون بەبێ تاوان بوون، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، ماددە ٥).

## ٥. کۆتایی:

دوای هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی حوکمەکانی یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٠، ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك دەرئەنجام و ڕوونکردنەوەی پێویست دەخاتەڕوو و هەروەها ئاماژە بە ژمارەیەک پێشنیار دەدات بەم شێوەی خوارەوە:

### ١.٥ دەرئەنجامەکان

بەرپرسیاریەتی حکومەت لەقەرەبووکردنەوەی ڕاگیراو و حوکمدراوانی زەرەرمەند، بەرپرسیاریەتییەکی شارستانییەچونکە بابەتی ئەم بەرپرسیاریەتیە قەرەبووکردنەوەیە نەک پێبژاردن، قەرەبووکردنەوەش بابەتێکی شارستانیە. هەروەها لە کاتی نەبوونی دەق لەسەر بابەتێکی پەیوەندیدار، دەقەکانی یاسای شارستانی، یاسای دادبینی شارستانی و یاسای سەلماندن بەکاردەهێنرێن. سەبارەت بە تەکییفی یاسایی بۆ ئەم بەرپرسیاریەتییە، بەرپرسیاریەتییەکە کەمتەرخەمیە لە جۆری بەرپرسیاریەتی لە کاری کەسانی تر ، چونکە بە پێی یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان، حکومەت ئاکامی قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراو و حوکمدراوانی زەرەرمەند لە ئەستۆ دەگرێت.

بەپێی یاسای یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکم دراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان، کەسی بەرپرس لە قەرەبووکردنەوەکە حکومەتە و کەسی زەرەرمەندیش دەکرێت چەند کەسێک بن وەکو هەرکەسێک کە بە نارەوا گلدرایەوە یان گیرا یان ماوەی گیرانەکەی لە ڕادەی یاسایی ڕەت بووبێ یان بە سزایەکی وا حوکم درابێ کە ئازادییەکەی لێ سەندبێتەوە لە لایەن لایەنە دادوەریە تایبەتیەکانەوە بەبێ بەڵگەی یاسایی. هەروەها بۆ دروست بوونی بەرپرسیاریەتی حکومەت لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەرەبوکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان بەناڕەوا پێویستە دوو مەرجی سەرەکی بێنەدی: ١.دەرچوونی بریارێک بەنارەوا یان بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن دادوەر کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە راگیراو یان حوکمدراو؛ ٢. دەرچوونی بریارێک لەلایەن دادوەر لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتەکەی. بنچینەی بەرپرسیاریەتی حکومەتیش بریتیە لە هەڵەی دادوەر لە دەرکردنی بریارێک بەنارەوا یان بەبێ بەلگەی یاسایی کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانە نیە، بەلام دەکرێت بۆ قەرەبووەکە بگەرێنەوە سەر کەسێک کە بە فێل شکایەتی کردووە یان بە درۆ خەبەری داوە یان بە ناهەق شاهیدی داوە و بونەتە هۆی گلدانەوە یان گرتنەکە یان حوکمە نایاساییەکە لە بارەی ئەو قەرەبووکردنەوەیەی کە داویەتی. ئەنجومەنی دادوەریش دەبێت ئەو دادوەرەی کە هەڵەی کردووە رەوانەی لێژنەی کاروباری دادوەران بکات.

بەپێی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان، هەر کاتێک هەموو مەرجەکانی دروست بوونی ئەم بەرپرسیاریەتیە هاتنەدی، راگیراو یان حوکمدراوی زەرەرمەند مافی داواکردنی قەرەبووی هەیە بۆ ئەو زیانانەی کە پێی کەوتوون، و بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانێ داوای قەرەبووکردنەوە بەرز بکاتەوە لە بەردەم لیژنەی تایبەتمەند لە دادگای تێهەلچوونەوەی شوێنی نیشتەجێی خۆی یان شوێنی گلدانەوە یان گرتنی یان حوکمدانی. داواکە دەبێت کۆمەلێک زانیاری لە خۆبگرێت و کۆمەلێک بەلگەنامە و دۆکیۆمێنتی لەگەل هاوپێچ بکرێن. لیژنەی تایبەتمەندیش بە شێوەیەکی بەپەلە سەیری ئەم داوایە دەکات و خەملاندن بۆ قەرەبووی ماددی و ئەدەبی زەرەرمەند دەکات یان دەتوانی بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی کەسی شارەزا و پسپۆر و دکتۆرەکان بکات؛ حکومەتیش بەرپرسە لە دانی تێچووی ئەو کەسانە و برِی ئەو قەرەبووەی کە بریاری لەسەر دەردەچێت و پلەی بات وەردەگری.

یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان ماوە بەسەرچوونی داوای بەرپرسیاریەتی حکومەت لە کاری دادوەرانی بەسالێک دیاریکردووە. واتا دوای تێپەربوونی سالێک بەسەر وەرگرتنی پلەی باتی بریاری ئازادکردن یان حوکمدان بە بێ تاوانی کەسی راگیراو و حوکمدراو بە ناڕەوا، کەسە زەرەمەندەکە ناتوانێت داوای قەرەبووکردنەوە بکات. هەروەها سەبارەت بەتانەگرتن لە بریاری لیژنەی تایبەتمەند لە دادگای تێهەلچوونەوە جا چ بەقەرەبووکردنەوە بێت یان نە، بریارەکەی شایەنی تانە لێدانە بە تانەی تمییزی لە بەردەم دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی

(٣٠) رۆژ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەیان بەو بریارە. ئەم دەستەیەش هەربریارێک بدات لەم بابەتەدا، بریارەکەی باتە.

### ٢.٥ پێشنیارەکان

1. یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان کاراتر بکرێت و گشت حوکمەکانی یاساکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێن.
2. واباشترە یاساکە هەمواربکرێت بەشێوەیەک کە لە هەندێک باری دیاریکراودا حکومەت مافی گەرانەوە بۆ سەر دادوەرانی هەبێت بۆ ئەو قەرەبووەی کە دەیدات. بۆ نموونە، ئەگەر هاتوو دادوەر تەنها بە مەبەستی زەرەر گەیاندن بە کەسێک بریاری گرتنی دابێت یاخود بە مەبەستی یارمەتی دانی کەسی سێەم ئەو بریارەی دابێت یاخود دەرکردنی بریارەکە لە ئەنجامی کەمتەرخەمییەکی روونی دادوەر بێت.
3. یاسایەکە هەموار بکرێتەوە، ماددەیەکی بۆ زیاد بکرێت کە بە راشکاوی مافی قەرەبووکردنەوەی جەستەییش بدات بە راگیراو یان حوکمدراوی زەرەرمەند کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان لە ماوەی راگرتنی دروست ببێت و هەروەها مافی گەرانەوەی حکومەتیش بۆ لایەنی بەرپرس بۆ ئەو قەرەبووە جەستەییەی کە داویەتی، لە یاساکەدا رێک بخرێت.

## سەرچاوەکان

کتێبەکان:

بکر ع. ع. (٢٠١٦) المسؤولية التقصرية في القوانين المدنية العربية. بيروت، لبنان: مكتبة زين الحقوقية والأدبية ش.م.م.

حکیم ع. ، البکری ع. و بشیر م. ط. (٢٠١٧) کورتەیەک لە تیۆری پابەندبوون لە یاسای شارستانی عێراقیدا. وەرگێرانی: ئاراس ستار رەشید. سلێمانی، عێراق: کتێبخانەی یادگار.

یاسا و رێنماییەکان:

یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ هەموارکراو.

یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٠.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێنمایی ئەنجوومەنی دادوەری سەبارەت بە چۆنیەتی دواکردنی قەرەبوو لە ڕاگرتن و حوکم دەرچوون بەبێ تاوان بوون، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١.

# The Responsibility of Government for Compensating Arrestees and Convicts in the Time of Innocence and Release in the Kurdistan Region

**Dr. Rdhwan Shareef Salih**
Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Managemnet, Soran University, Kurdistan Region, Iraq
rdhwan.salih@soran.edu.iq

**Turan Kareem Rasul**
Graduated from Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Managemnet, Soran University, Kurdistan Region, Iraq
turan.rasul@gmail.com

***Keywords:*** *Civil Responsibility, Compensation, The Arrestee, The Convict, Compensation Lawsuit*

## Abstract

Humans are responsible for their acts and decisions as well as for their treatment of goods and people under their care. Therefore, whenever an unauthorized act is committed and causes damage to another person, responsibility will occur for that damage and as a result, the sufferer needs to be compensated. Responsibilities are varied and are regulated by several different laws. One of the laws that regulates a type of civil liability is the Compensating Arrestees and Convicts in the Time of Innocence and Release Law of the Kurdistan Region of Iraq No. (10) of 2010. This law was passed to compensate for damages suffered by arrestees or convicts as a result of a decision issued unfairly or without legal evidence by judges. But so far, the law is not as effective as necessary, and citizens do not have enough information on the content of the law. This study therefore seeks to provide a legal interpretation and analysis of the provisions of this law. The main purpose of this study is to answer some

questions, the most importantly: According to the Compensating Arrestees and Convicts in the Time of Innocence and Release Law, who has the right to claim compensation, and what does the compensation include? Which body is special to judge the compensation lawsuit? And what are the procedures for litigating the lawsuit and appealing the decisions? The study, based on the analytical method, concluded that any arrestee or convict who has been damaged by special judicial parties, has the right to litigate a compensation lawsuit in front of a special committee of the Appeals Court and the government should compensate for the material and moral damages that will be decided.

---

## مسؤولية الحكومة عن تعويض الموقوفين والمحكومين عند البراءة والافراج في إقليم كردستان

***الكلمات الرئيسية:*** *المسؤولية المدنية، التعويض، الموقوف، المحكوم، دعوى التعويض*

### ملخص

إن البشر مسؤولون عن أفعالهم وقراراتهم وكذلك عن معاملتهم للبضائع والأشخاص الذين تحت رعايتهم، ففي حالة ارتكابهم لفعل غير مصرح به قانونًا وتسبب في إلحاق ضرر بشخص آخر، تقع عليه المسؤولية ، مما يؤدي إلى دفع التعويض للمتضرر. المسؤولية متنوعة، وقد تم تنظيمها في العديد من القوانين المختلفة، أحدها هي التي نظمت نوعا من المسؤولية المدنية وهو قانون تعويض الموقوفين والمحكومين عند البراءة والافراج في إقليم كردستان - العراق رقم (10) لسنة 2010. وقد صدر هذا القانون لتعويض الأضرار التي لحقت بالموقوفين والمحكومين نتيجة قرار صادر بشكل غير عادل أو بدون دليل قانوني من قبل القضاة. لكن حتى الآن ، قانون تعويض الموقوفين والمحكومين عند البراءة والافراج ليس فعالا بالقدر اللازم، ولا يملك المواطنون معلومات كافية عن مضمون القانون. لذلك تسعى هذه الدراسة إلى تقديم تفسير قانوني، وتحليل لأحكام هذا القانون. والغرض الأساسي من هذه الدراسة هو الإجابة عن بعض الأسئلة أهمها: وفقا لقانون تعويض الموقوفين والمحكومين عند البراءة والافراج، من له الحق في المطالبة بالتعويض وماذا يشمل التعويض؟ ما هي الهيئة المختصة بالحكم في دعوى التعويض؟ وما هي إجراءات رفع هذا الدعوى والطعن في القرارات؟ وخلصت الدراسة المستندة إلى المنهج التحليلي إلى أن أي موقوف أو محكوم تضرر من الجهات القضائية الخاصة له الحق في رفع دعوى التعويض أمام لجنة خاصة بمحكمة الاستئناف، وعلى الحكومة تعويض الأضرار المادية والمعنوية التي تقررها القضاء.